دونیا (پڕە) لەشتی خۆش و بەکەڵک، وخێرترین خۆشی ئەم دونیایە ئافرەتێکی چاکە

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دونیا (پڕە) لەشتی خۆش و بەکەڵک، وخێرترین خۆشی ئەم دونیایە ئافرەتێکی چاکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دونیا وئەوەی تێیدایە تەنها شتێکە بۆ خۆشی و سوود وچێژ وەرگرتن لەماوەیەکی دیاریکراودا پاشان نامێنێت، وباشترین چێژ وخۆشی دونیا بریتیە لە ئافرەتی چاک، ئەگەر مێردەکەی سەیری بکات ؛ ئاسوودە دەبێت، وئەگەر فەرمانی پێبکات ؛ گوێڕایەڵی دەکات، وئەگەر لەماڵ نەبێت ؛ لە نەفس وسامانەکەی دەپارێزێت وخیانەتی لێناکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5794